# هیچ کاتێك بەرادەی ئێستا بزووتنەوەی کوردایەتیو حیزبو دەسەڵاتیان نەکەوتوەتە بەرامبەر نارەزایەتی خەڵك

**گفتوگۆی "ئاڵای ئازادی"- هەفتەنامەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ رێبوار ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

کورتەی ئەم گفتوگۆیە لە ژمارە 664ی بەرواری 2006/5/29ی ئاڵای ئازادیدا بڵاوکراوەتەوە. ئەمەی لێرەدا ئەیخوێننەوە دەقی تەواوی گفتوگۆکەیە/ ئۆکتۆبەر

**ئاڵای ئازادی: بەگشتی هەلومەرجی سیاسی ئێستای عیراقو کوردستان چۆن دەبیننەوە؟**

رێبوار ئەحمەد: هەلومەرجی سیاسی ئیستای عیراقو کوردستان زۆر جیاوازییان هەیە لەگەل یەکتری. عیراق نوقمی سیناریۆی کارەساتباری جەنگو تیرۆریزمو داگیرکاریو سەرئەنجامیش شەری ناوخۆی تائیفیە. لە سایەی وەزعیکی بەم جۆرەدا کیشەی نەبونی ئەمنیەت بووە بە گرفتی سەرەکی جەماوەری بەرینی خەلك. سیاسەتو کارکردو نەخشەکانی ئەمریکاو دەسەلاتە دەستسازەکانی، هەروەها شەروکیشەی کۆنەپەرستانەی ناوخۆی ئەم لایەنانە، رۆژانە ئەم هەلومەرجە کارەساتبارە بەرەو قولبونەوەی زیاتر پالپیوەدەنین.

لایەنیکی تری وەزعی سیاسی عیراق، ئەزمەی دەسەلاتو حکومەتە. ئەمەریکاو دەستو پیوەندەکانی ناکام ماونەتەوە لە شکلدان بە حکومەتیکی سەراسەریو پایەدار کە بتوانی بە واقعی حوکمرانی عیراق بکات. ئەو وشکە کەلّەکانەی کە ناویانە بە یەکەوە نە حکومەتەو نە دەشبیت بە حکومەتیکی واقعیو پایەدارو حوکمرانی عیراق، ئەمرۆش حکومەتی دەستسازی ئەمریکا، هەر لەم سەرەتای پیکهاتنەیەوە لە ناو گیژاویکی گەورەدا پەلویۆ دەکوتیت، نیشانەکانی ناکامیو هەلوەشان بە هەموو جەستەیەوە دیارە. هەروەها ئەوەی کە ئیستا بە کردەوە حوکمرانی ناوچە جیاجیاکانی عیراق دەکات، نەك ئەم حکومەتە، بەلکو لە واقعدا دەسەلاتی داسەپاوی میلیشیاکانە. لەلایەکی ترەوە کیشمەکیشی هیزەکانی پیکهینەری ئەم حکومەتە لەسەر بردنی بەشی زیاتر، بەردەوام کۆمەلگای لەبەردەم مەترسی گەورە داناوە. بەردەوام خەتەری ئەوە هەیە، ئەو جەنگە ناوخۆییەی ئیستا ئەبعادی فراوانتر پەیدا بکات، بەردەوامیش ئەگەری ئەوە هەیە جەنگی قەومیش لە ئاستی جەنگیکی ناوخۆدا بتەقیتەوە. رەوەندیك کە ئیستا لە عیراقدا بالادەستە رۆژ بە رۆژ ئاگری ئەم شەرە خۆشدەکات.

بە کورتی بنەماکانو شیرازەی ژیانی مەدەنی لە کۆمەلگای عیراقدا تیکروخاوە، پیویستی بەوەیە ئەم سیناریۆ رەشە کۆتایی بیتو ژیانی مەدەنی دووبارە سازبدریتەوە، ئەمە مەسەلەو بەرنامەو کاری ئەمریکاو هیزە قەومیو دینیەکانی نیە، ئەوان خۆیان ئەم کۆمەلگایەو شیرازەی ژیانی مەدەنیان تیکروخاندوە. ئەرکی بەرەی ئازادیخوازو چەپو سکولارە کە ئەم وەزعە هەلگیریتەوەو ژیانی مەدەنی سازمانبداتەوە.

لە کوردستان هەلومەرجەکە جیاوازە، لەوێ دەسەلاتی میلیشیایی یەکیتیو پارتی بەسەر خەلکدا داسەپینراوە، لە کوردستان لە جیاتی گرفتی ئەمنیەتو شەری ناوخۆو تیرۆریزم، گەندەلیەکی سەرتاپاگیرو زەختو زۆری دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیونالیست خەلکی بە تەواوی هەراسان کردوە. دوو حیزبی حاکم دەستیان بەسەر نانو ئاوو زەویو سەرجەم داهاتی ئەم کۆمەلگایەدا گرتووەو بە

لیشاو تالانی دەکەن، هەڵبەت حیزبەکانی دەستوپێوەندی خۆشیان لەم تالانیە شەریك کردوەو ئەوانیش لە بەرامبەردا بەڵگەنامەی سەرکوتی نارەزایەتی خەلکیان بۆ ئیمزا دەکەن.

لە کوردستان قلشتیکی گەورە کەوتوەتە نیوان دەسەلاتو خەلکەوە، خەلك ئیتر بە هەزارو یەك زمانو بەیان دەری دەبریت کە دەسەلاتی یەکیتیو پارتیو ناسیونالیزمی کورد، بەدەسەلاتی خۆی نازانێ و نایەوێ، ئەم دەسەلاتەو پلاتفۆرمو دەستورو یاسای لەگەل ئاواتو ئارەزووەکانی خەلکی کوردستان نایاتەوە. هیچ کاتیك بەرادەی ئیستا بزووتنەوەی کوردایەتیو حیزبو دەسەلاتیان نەکەوتوەتە بەرامبەر نارەزایەتی خەلك. ئەمە سەرەتاو زەمینەی وەرچەرخانیکی نوێو هەلگیرانەوەی وەزعی سیاسی کوردستانە. خەلکی کوردستان دەیانەوێو بە فراوانی لە هەولی ئەوەدان ئەم حیزبانەو دەسەلاتو بزووتنەوەکەیان تیپەرینن.

گرفتیکی تری ئەم کۆمەلگایە ئەوەیە کە هیشتا چارەنوسی یەکلانەبووەتەوە. ئەحزابی ناسیونالیست دەیانەوێ لە پیناو بەرژەوەندی خۆیان، بە مەبەستی راگرتنی دەسەلاتی میلیشیایی ئیستایان لە کوردستانو مسۆگەرکردنی بەشە دەسەلاتی خۆیان لە ناوەند، ئەم چارەنوسە بەوبارەدا یەکلابکەنەوە، کە بیلکیننەوە بە حکومەتی قەومی-ئیسلامی ناوەندەوە. ئەمەش لە هەلومەرجیکدایە کە عیراق نوقمی کارەساتی نا ئەمنیو تیرۆریزمو جەنگە. گیرانەوەی کوردستان بۆ ژیربالی حکومەتی ناوەند، واتە رۆبردنی کوردستان بۆ ناو ئەو سیناریۆ رەشە. ئەمەش دیسان مایەی بیزاریو نارەزایەتی فراوانی خەلکە.

ئەحزابی ناسیونالیست بەرامبەر بە نارەزایەتی فراوانی خەلك، خەریکن لە هەموو کاتیك زیاتر پەنا بۆ سەرکوتو دەمکوتکردنی خەلكو مخالفینی خۆیان دەبەن. سەرکوتی نارەزایەتیەکانو لە خوینهەلکیشانی خۆپیشاندانەکان لە چەند مانگی رابردوودا، راپیچکردنی رابەرانو هەلسوراوانی ئەم نارەزایەتیانەو لەوانە کادرانو رابەرانی حیزبی ئیمە، بۆ زیندان، بەرپاکردنی دادگای نمایشی بۆ مخالفینو رەخنەگران لە دەسەلاتی ئەم حیزبانەو تەنانەت ناچارکردنی خەلك بە تۆبەو پاکانە. بەلگەکانی ئەم واقعیەتەن.

ئەو ئالوگۆرە تازەیەی کە ئیستا لە کوردستاندا بە ناوی "دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی هەریم" دەرواتە پیشەوە، یەك زەرە لە واقعیەتی ئەو راستیانەی سەرەوە ناگۆرێ. بە پیچەوانەی ئەوەی پروپاگەندەی بۆ دەکەن، ئەم پرۆسەیە بە هیچ جۆریك رووی لە دەستەبەرکردنی خواستو ئاواتەکانی خەلك نیە، بەلکو دریژەدانە بە وەزعی نالەباری ئیستاو کۆنترۆلی کوردستانو مسۆگەرکردنی بەشی ناسیونالیزمی کورد لە چوارچیوەی وەزعی سیاسی ئیستای عیراقدا. دەسەلاتی ئەم حیزبانە پیکەوە بیت یان جیاجیا، دەسەلاتیکی میلیشیایی سەرو خەلکیو گەندەلو ناکۆکە بە خواستو ئامانجە ئازادیخوازانەو پیشکەوتوانەکانی خەلكو دەکەویتە بەرامبەر نارەزایەتی جەماوەری.

**ئاڵای ئازادی: ماوەیەك پێشنیاری جیابوونەوەی کوردستانتان کرد ئەمە لەکاتێکدا بوو کە رژێم لەسەر دەسەڵات بوو.. پاش ئەو ئاڵوگۆڕانە ئەم پێشنیارە تاچەند کارسازو شیاوە؟**

ریبوار ئەحمەد: بە بروای من لە 15 سالی رابردوودا، تا هاتووە مەسەلەی جیابونەوەی کوردستان هەم زەمینەی بۆ لەبارتر بووەو هەم پیویستی زیاتری پەیداکردووە. کاتیك کە رژیمی بەعس لەسەر کاربوو، ئەوە شتیکی بەلگە نەویستبوو کە لە سایەی ئەو رژیمەدا هیچ ریگاچارەیەکی عادلانە بۆ کیشەی کورد لە چوارچیوەی عیراقدا ئیمکانی نەبوو. بۆیە ریگاچارەی کارسازو عادلانە هەر جیابونەوە بوو.

ئیستاش پاش رووخانی بەعس، هەلومەرجی تازە گەلیك هۆكاری تازەی پیكهیناوە كە هەر هەموویان جەخت لەسەر پیویستی جیابونەوەی كوردستان دەكەنەوە. لە پیشدا هەر ئەوەی كە حكومەتی ئیستای دەستسازی ئەمریكا، بە ماهیەتی خۆی هەروەكو بەعس قەومیو ئیسلامیو كۆنەپەرستانەیەو ئەگەر دەستی بروات هەر وەكو ئەو لەگەل خەلكی كوردستان رەفتار دەكات. ئەم حكومەتەو لایەنەكانی بێ پیچو پەنا رایانگەیاندوە كە هەروەكو بەعس باوەریان بە مافە رەواكانی خەلكی كوردستان نیەو ئەگەر بۆیان بكریت هەروەكو بەعس سەركوتیان دەكەن. بۆیە لە سایەی حكومەتیكی وەهادا خەلكی كوردستان ژیانیكی ئاسودەو ئازادیان نابیت.

جیاواز لەمە سیناریۆی رەشی ئیستای عیراق بەلگەیەكی ترە جەخت لەسەر پیویستی جیابونەوەی كوردستانو نەخزانی بۆ ناو ئەو كارەساتگایە دەكاتەوە. خەتەری هەلگیرسانی جەنگی ناوخۆی قەومی بە هەمان شیوە. بەلام لە پال ئەمانەوە سەرئەنجام مەسەلەیەكی گرنگو راستەوخۆ پەیوەست بە خواستە هەر ئیستاییەكانی خەلكی كوردستانەوە، ئەوەیە كە جیابونەوەو پیكهینانی دەولەتیكی سكولاری غەیرە قەومی لەگەل ئەوەی ریگایەكی واقعیە بۆ كۆتاییهینانی یەكجاری بە معەلەق مانەوەی چارەنوسی ئەم كۆمەلگایەو ئایندەیەكی باشتر، لە هەمانكاتدا ریگایەكی واقعیو كارسازیشە بۆ رزگاربوونی خەلكی كوردستان لە ركیفی دەسەلاتی گەندەلی میلیشیایی كە ئیستا بەسەریاندا سەپینراوە.

بۆیە وەكو كارسازیو شیاوی ئەم ریگاچارەیە زۆر گونجاوە، لە هەمانكاتدا ئەمرۆ ریگرییە دەرەكیەكانی بەردەمی زۆر كەمبونەتەوە. پیشتر ریگری ئەصلی لەبەردەمی ئەوەبوو كە رژیمیكی هارو درندەو فاشیستو بەهیز لە ناوەندا هەرەشەی لیدەكرد، ئیستا ئەو هەرەشەیە نەماوە، دەولەتانی ناوچەكە پیشتر بە تایبەت كە خۆیان هەلومەرجیكی نیمچە سەباتیان هەبوو، ریگری گەورەبوون لەبەردەم جیابونەوەی كوردستانی عیراق، ئیستا ئەوە ئیرانو سوریا ناپەرژینە سەر حالی خۆیان، بەرژەوەندی توركیاش لە عیراقدا گۆرانی زۆری بەسەر هاتووە، دەكریت زۆر هەستیار نەبیت بەم مەسەلەیە. ئەمریكاش بە دەست وەزعی ئیستاوە ئەوەندە گرفتارە، كە جگە لە پەرژانو نەپەرژانی رۆشن نیە كە بۆچی دەبی مخالەفەتی توند بە جیابونەوەی كوردستان بكات.

ریگری گەورەو راستەوخۆی ئیستای بەردەم جێبەجێ بوونی خواستی جیابونەوەی كوردستان، وەكو خواستیكی فەراگیری خەلكی كوردستانو ریگایەكی گونجاوو عەمەلیو كارساز بۆ یەكلاكردنەوەی كیشەی كوردو دەستەبەربونی خواستە سەرەتاییەكانی خەلك، خودی ئەحزابی ناسیونالیستی كوردن. ئەم حیزبانە وەكو هەمیشەو هەموو میژووی رابردویان، لەم ساتە ناسكەدا، لە پیناو بەرژەوەندیەكانی ئیستای خۆیاندا دژی خواستی جیابونەوەی كوردستان راوەستاونەتەوە. ئەم وەزعە هەلواسراوەی ئیستا كە بۆ خەلك مایەی جۆرەها نەهامەتیە، بۆ ئەوان زەمینەو مایەی راگرتنو دریژەدانی دەسەلاتی میلیشیایی خۆیانە بەسەر خەلكی كوردستانەوە. هاوكات ئەحزابی ناسیونالیست دەیانەوێ خواستی جیابونەوەو چارەنوسی خەلكی كوردستان بكەن بە دەستمایەی ساتو سەودایان لە پیناو بەشە دەسەلاتیك كە دەكریت لە سایەی هەلومەرجی بێسەرەوبەرەیی ئیستای عیراقدا بە خۆیان ببریت.

**ئاڵای ئازادی: لەدوای گرژیو ئاڵۆزییەكانی ئێوەو یەكێتی نیشتمانی بەشێوەیەكی گشتی مەیدانی موبارەزەی سیاسیتان لەكوردستان رووی لەكزی كردو وەك جاران چالاكیتان نەما ئایا هۆكارەكەی چییە.. ئایا دەكرێت هێزێكی سیاسی مودەعی بە دەسەڵات بەرگەی زەربەیەك نەگرێتو مەیدانەكە چۆڵ بكەن؟**

رێبوار ئەحمەد: ئیمە مەیدانمان چۆل نەكردوەو ئەگەر بتانەوێ پێ لە واقع بنێن ئیوەش دەتوانن ئەو راستیە ببینن كە مەیدانمان چۆل نەكردوە. لانی كەم زیندانەكانی ئاسایش شایەتی ئەمەن، دەخالەتی بەردەوامی حیزبی ئیمەو كادرانو رابەرانی حیزبمان لە خەباتو

نارەزایەتی رۆژانەی جەماوەری خەلك، دژی دەسەلاتی گەندەلی ئەحزابی ناسیونالیست، لە پیناو بەرگری لە ئازادیو خواستەکانی خەلك، بۆ بەرگری لە مافی بەجیٚماوەکانی ئەنفالو قوربانیەکانی کارەساتی هەلەبجەو... لەبەرچاوی هەمواندایە. ئیوەش نەك هەر دەتوانن ئەم راستیانە ببینن، بەلکو ئەگەر رۆژنامەکەتان بیەویٚ هاوتای ناوەکەی خۆی واتە (ئالای ئازادی) مامەلە بکات، ئەوکات لانی کەم دەبیٚ هەوالی راپیچکردنی رۆژانەی کادرانو رابەرانی حیزبی ئیمە بۆ زیندانەکانی ئاسایش بلاوبکاتەوە.

راستە هەلسورانو چالاکی ئیمە لە کوردستان لە چاو جاران لاوازبووە. بەلام هۆی ئەمە وەکو ئیوە دەلین تەنها یەك زەربە نەبوو کە لە 14ی تەموزی 2000دا یەکێتی لە حیزبی ئیمەی وەشاند، ئەم مەسەلەیە هۆکاری تری هەیە، بەلام تا ئەو جیگایەی بە قسەکەی ئیوەو بە کاریگەری ئەو زەربەیە دەگەریتەوە، مەسەلەکە هەر پەلاماری 14ی تموز نیە، بەلکو لەو کاتەوە بە بەردەوامی دەزگاکانی یەکیتی نیشتمانی بە توندی خەریکی پەلاماردانی حیزبی ئیمەن، دەیان وەجبە لە هاوریانی ئیمەیان دەستگیرو زیندانیو شکەنجەکردوە، بەردەوام چاپخانەو ممتلەکاتی ئیمە دەستبەسەردا دەگرن، بە جۆرەها شیوە بەر بە هەلسورانمان دەگرن، هەموو جۆرە زەختو زۆریك لە دژی هاوریانی حیزبیمان بەریوەدەبەن، تەنانەت مافی کارو بژیو پەیداکردن لە هاوریانمان زەوت دەکەن... ئیوە لە جیاتی ئەوەی راستی ئەم مەسەلانە بۆ رای گشتی بلاوبکەنەوەو تەنانەت هەلویستی لیبگرن، بە شیوەی پرسیارەکەتاندا وا دیارە دەتانەویٚ چاو لە ئاستیاندا بنوقینن.

لە راستیدا ئەوە هەر حیزبی ئیمەیە کە نزیکەی شەش سالە بەرامبەر ئەم هەموو زەختو زۆرە خۆی راگرتووە. لە کاتیکدا تەنها برینی بودجەی چەند مانگیك لە هەندیك حیزبی سەر ساحەی کوردستان، کافیە بۆ ئەوەی داریان بەسەر بەردیانەوە نەمینیٚ. حیزبی مودەعی دەسەلات بیت یان نەبیت، دەکریت لە هیزهاوسەنگیەکی دیاریکراودا پاشەکشەی بەسەردا بسەپینریت. ئەمە لەبارەی ئیمەوە روویداوە، لە هەمانکاتدا ئیمە لە هەولی بەردەوامداین نەك هەر بۆ بوژاندنەوەی هەلسورانو دەوری حیزب، بەلکو بۆ ئەوەی حیزب لە مەوقعی رابەری کۆمەلگاو بزووتنەوەی جەماوەری بۆ هەلگیرانەوەی وەزعی سیاسی ئیستای کوردستان، دەربکەویتو دەوری خۆی بگیریت. کۆمەلگای کوردستان پیویستیەکی حەیاتی بە بەدیلی چەپو کۆمۆنیزم هەیە، ئەو بەدیلەش حیزبی ئیمەیە.

**ئالای ئازادی: زۆربەی پلنیۆمو کۆبوونەوەی کادرانتان لە دەرەوەی کوردستانو عراق بەڕێوە دەچێت.. ئایا ئەمە بۆ خەڵکی کوردستانو عراق چ مانایەکی هەیەو چ جێگەیەك دەگرێت؟**

ریٚبوار ئەحمەد: ئەوەی ئیوە لەبارەی شوینی بەستنی پلنیۆمو کۆبونەوەکانی کادرانی حیزبمانەوە باسی دەکەن، دروست نیەو دورە لە راستیەوەو گوزراش لە واقعیەت ناکات، پیدەچیت بەلگەی هەلویستگرتنو حوکمیکی پیشینە بیت لەسەر حیزبی ئیمە. ئەگینا حیزبی ئیمە لە ماوەی 13 سالی تەمەنی خۆیدا 18 پلنیۆمی گرتووە، لەم 18 پلنیۆمە تەنها یەك پلنیۆمی لە دەرەوەی وولات گیراوە، ئەویش پلنیۆمی 11 کە ماوەیەك دوای هیرشی چەکدارانەی 14ی تەمووزی 2000ی یەکیتی، بەریوەچوو. هەروەها حیزبی ئیمە 3 کۆنگرەی گرتووە هەر 3 کۆنگرەکەی لە داخلی عیراق بەرپاکراوە، لە بارەی کۆبونەوەی کادرانیشەوە، تەنها کۆبونەوەی کادرانی ریکخراوی دەرەوەی وولات لە دەرەوەی وولات گیراوە، خۆ ناکریٚ کۆبونەوەی کادرانی بەریتانیاو سویدو نەرویجو ئەلمان بهینین لە سلیمانی یان هەولیرو بغداد بیگرین. کۆبونەوەی کادرانی ریکخراوی کوردستان هەمیشە لە کوردستانو هی ناوەراستو جنوبیش هەمیشە لە بغداد گیراوە. بۆیە حوکمەکەتان پیشینەیەو لە جیگای خۆیدا نیە، هەر بۆیە ناکریٚ هیچ مانایەکی لی دەرکیٚشریت بۆ خەلکی عیراقو کوردستان.

**ئالای ئازادی: تاچەند پێتوایە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش ئومێدی بە خەباتی سیاسی ئێوە هەیە.. ئەگەر هەیە بۆچی نفوزتان وەك پێویست نییە؟**

رێبوار ئەحمەد: حیزبی ئیمە بەپێی دەوریکی سیاسیو عەمەلی کە لە 13 سالی رابردوودا، لە ئاستی کۆمەلگادا گیراویەتی، لە ناو جەماوەری خەلکدا، بە حیزبیکی خەباتگیر لە پیناو مافەکانی کریکارانو جەماوەری زەحمەتکیشو ژنانو لاوانو مندالان ناسراوە. پەیگرانە بەرگری لە مافە رەواکانی خەلکی کوردستانو جیابونەوەی کوردستان کردوە، بەرگری لە ئازادی سیاسیو ئەفکارو نەریتی پیشکەوتوانەو مودیرن کردوە، دژی سەرکوتو دواکەتوویی ناسیونالیزمو ئیسلام راوەستاوەو خەباتی کردوەو قوربانیداوە، دژی تیرۆریزمو جەنگە کۆنەپەرستانەکان وەستاوەتەوە، پەیگیرانە دژی رژیمی بەعس خەباتی کردوە، وەکو حیزبیکی سەرراستو شەفافو سەربەخۆ کە سازش لەسەر خواستو مافەکانی خەلك ناکات، ناسراوە. بۆ ئازادی کۆمەلگای عیراق تیکۆشاوەو رادیکالترین بەدیلی بۆ سەرجەم کیشەکان راگەیاندوە، لە پیشەوەی خەباتو بزووتنەوەی جەماوەری کریکارانو بیکارانو ژنانو خویندکاران راوەستاوە...لە هەمانکاتدا حیزبی ئیمە رەمزو ئالاو میحوەری چەپو کۆمۆنیزمە لە عیراقدا...بۆیە لە ئاستی کۆمەلگاو لە نیو چینو تویژە ستەمدیدەو چەوساوەکانو خەلکی ئازادیخوازدا، حیزبیکی خۆشناوو خۆشەویستە.

بەلام هەلبەت جیاوازی هەیە لە نیوان حیزبیکی خۆشناوو خۆشەویست لەگەل حیزبیکی بەدیلو جیگای ئومیددا، ئەمەی دووەمیان بەندە بەوەوە کە حیزب بە کردەوە بتوانی ئەو ئومیدە بە خەلك بدات کە دەتوانی بە عەمەلی ئاواتو ئامانجەکانی ئەو جەماوەرە بەدیبهینێ. حیزبی ئیمە هیشتا بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستەو جیگای ئومیدی فراوانی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیش بیت، دەبی زۆر گەورەترو جەماوەری ترو کۆمەلایەتیتر بیتەوە، دەبی لە هاوکیشەی سیاسیو قودرەتی کۆمەلگادا جیگایەکی بەهیزتر پەیدا بکات، دەبی رەگو ریشەی بەهیزتری هەبیت لە نیو کریکارانو جەماوەری خەلکدا...ئەمەش کاریکی سادە نیە بە تایبەتی بۆ حیزبیکی مارکسیستی رادیکالی وەکو حیزبی ئیمەو لە نیو هەلومەرجی سەختو ئالۆزکاوی ئیستای عیراقدا. بەلام حیزبی ئیمە نەخشەمەندانە بۆ ئەم مەبەستە کاردەکات. پەرەسەندنی زیاتری نفوزی حیزبیش لە ناو خەلکدا بەندە بەمەوە.

**ئالای ئازادی: تا ئێستا چەند باڵێك لە ریزەکانی حزبی ئێوە جیابوونەتەوە.. هۆکاری ئەو جیاوازیانە چین و بۆ دەبێت بەردەوام سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکانی حزب بن.. ئایا پێتوایە ئەو کێشانە پەیوەندییان بە جیاوازی فکرییەوە هەبێت یاخود چی؟**

رێبوار ئەحمەد: حیزبی ئیمەش وەکو هەر حیزبیکی دیکەی سیاسی، خەلکی لی رۆیشتوەو خەلکیشی پیوە پەیوەست بووە. هەلبەت پیناسەکردنی ئەوانەی رۆیشتوون وەکو بال، بە دەقیق نازانمو خۆشیان وایان پیناسە نەکردوە، ئەگەر بەبال پیناسە بکرین، دەبی ئەوەش روونبکریتەوە کە چ جۆرە بالیك بوون؟

دەربارەی ئەم مەسەلەیە لە پیشدا ئەوە بلیم کە چونەدەرەوەی ئەو هاوریانە لە حیزب، هیچ پەیوەندیەکی بە هیچ پیویستیو مەسەلەیەکی کۆمەلگاوە نەبوەو لەویوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەم مانایە هیچ پیوست نەبوو روویدەن. بە بروای من دەکرا نەرۆنە دەرەوەو بە هەر خلافاتیکیشەوە کە هەیانبوبی لە ریزەکانی حیزبدا دریژەیان بە کاری خۆیانبدایە. هەر بۆیە ئەو چونەدەرەوانە لە حیزب نەیکردوە بەوەی هیچ دووکەرت بونیك لە ئاستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو کریکاریدا پیکبهینیت، حیزبی ئیمەش هەر وەکو تاکە بەدیلو میحوەرو رەمزی چەپو کۆمۆنیزم لە ئاستی کۆمەلگادا لە جیگای خۆی ماوەتەوە.

له بارەی هۆکارەکانیەوە لە راستیدا جیاوازی فکریو سیاسی لە ئارادا بووە، بەلام حیزبی کۆمۆنیستیش وەکو هەر حیزبیکی سیاسی تر، دەتوانێو دەبێ توانایی ئەوەی هەبیت، بۆچونی فکریو سیاسی جۆراوجۆر بگریتە خۆیو لە هەمانکاتدا یەکپارچەیی ریزەکانیشی بپاریزی. مەگەر لە جیگایەکدا کە ئەمە لەگەل پیویستیەکی کۆمەلایەتیدا بکەویتە ناکۆکیەوە. ئەمە لە بنەما ریکخراوەیەکانی حیزبدا بەرۆشنی بەیانکراوە. بە بروای من هۆکاری ئەصلی بۆ ئەو جیابونەوانەی کە باست کردن، نەریتەکانی چەپی تەقلیدیە. چەپی تەقلیدی بەو پێیەی رەوتیکی پەراویزکەتوو بووەو پەیوەندیەکی نزیکی لەگەل کۆمەلگاو مەسەلەکانی نەبووە، نرخی ئیتحادی ریزی چەپ و کۆمۆنیزم بۆ کۆمەلگا درك ناکات، لەگەل پەیداکردنی هەر ئیختلافیکدا، بەخیرایی دەکەویتە بیری جیابونەوەوە. هەر بە پێی نەریتو بۆچونەکانیشی لەگەل ئەو سیاسەتو نەخشەو هەنگاوانە ناحەویتەوە کە رووی لە کۆمەلایەتی کردنەوەی حیزب بیت.